

شیعر



فەیسەڵ هەمەوەندی


# با بە ئیشتیهای خۆی روح دەبا

«ئەم قەسیدەیە لەو چرکە ساتانەدا رسکاوە کە جوانترین
عیشقمان بۆ نیشتمان "با"ی ئەجەل هات و بردی..
پێشکێشە بەو روحانەی وان بەسەر خاسە و ئاوەسپییەوە..
پێشکێشە بە هیجران شێواو و خێزانەکەی»



ئەو بایە.. کز کز بە گۆپاڵێکەوە
رەوی تیترواسکی داوەتە بەر
جارێ سەرەوژوور
لە پەڵەهەورێکی رەشتاڵەیی
میناکانی ئاسمان بە قوڕ دەگرێ
جارێکی تر.. لە خۆرهەڵاتەوە
سەر بە ماڵی ناوەختی خۆرۆکەدا دەکا
تیترواسکێکی شێواو بە دنیا
لە حورمەتی با دەدات و تیژ تیژ
پیا گوزەر دەکا

ئەو بایە وێردێکی بێ مانایە
لە قەوزەی سەر ئاو دەکا
***
ئەو..
بۆ ڕۆخانەی ئاوە سپی دەچێ
لە خاسەوە نامەیەکی پڕ لە قاووقیژی پێیە
ئەو..
بە ڕۆخانە دەکا
ئەو دەمەی دەچێتەوە لای ئەوین
لای چاوە پڕ لە حەسرەتەکانی خاتوو نەسرین(١)
***



با.. لەوان تووڕەیە و داساکین نازانێ
با.. ستارەی بۆ نییە
ئۆقرەیی ناباتەوە لای میحرابێ لە هێوری
ئەو.. بای تورِ کردووە
ئەو دەمەی لە حوجرەی مەقامەوە
دەنگێ.. وەک بانگی تیترواسک لە ژوورسەری خاسەوە
حەیرانەکانی با بردەڵە نۆش دەکا
با زیزە لەو تیترواسکانەی
بە هەوەسی ئەو ناچرکێنن
تووڕەیە لەو وتانەی
لە گڤەی با ناکەن و
دەبێ دنیای هەڵفڕینەکانیان بدۆڕێنن
***
بەردە بازێ.. لە خەوی پایزەدا
دەست بەسەر پشتی ماسییە چکۆلەکاندا دێنێ
ئەمساڵ زستانێکی سەخت ئەبێ

ڕەنگە ڕەهێڵەی با بمانبەستێ
یا بمانداتە دەست کەشێ
وەک ڕووتبوونەوەی هونەرمەندێ
لە سووتمانی قەقنەسی و
پەڕینەوەی نێو بەستەڵەکێ
***
ئەو لە گەڤاڵێکی پڕ لە شرۆڤەدا ڕاماوە
چۆن لە تەک نەسرین
بچنە سەمای سەر سەهۆڵبەندانی ئاوەسپی
چۆن باڵ بکەنەوە و
هەڵفڕینێک لەم تایتانیکەدا بڕسکێنن
وەک دوو تیترواسکی ئازاد
بە حەواوە داهێنانێک لە عیشق بنەخشێنن
ئەو دەمەی شێواو لە کردنەوەی پەنجەرەکاندا بوو
وا نیاز بوو.. لەبەر نەسرین ئەو بمرێ
ئەو ببێ بە شیعرێ
لە باتی خۆر
بەرەبەیانێک لە گەرمیانەوە
بۆ هەمووومان هەڵبێ
ئای لەو با سەرکزانەی
چەند نامەردانە
نایەڵن..
بەلەمی خەیاڵی دوو تیترواسکی ئاوە سپی و خاسە
مەودایەکی دوورتر
بە ئاسمانی کوردستانەوە هەڵفڕن
***



(١) نەسرین خێزانی شاعیرە کە لە ٢٠٠٩ /٨/٢٧ بە کارەساتێکی دڵتەزێن کۆچی دوایی کرد